OmaPolku

# له قوتابخانەی بنەڕەتیەوە بۆ خوێندنی ئاستی دووەم



MONIHELI

## پێشکەشکردنی داوا بۆ ئاستی دووەم

### داوای گشتی

داوای گشتی سیستەمی پێشکەشکردنی داوایە لەسەر ئاستی وڵات، کە بەو ڕێگایە بەشێوەی ناوەندی داوا پێشکەش دەکرێت بۆ خوێندنی ئاستی دووەم یان بۆ خوێندنی ئاستی بەرز.  لە داوای ئاستی دووەمدا داوای خوێندنی پیشەیی بنچینەیی و خوێندنی ئامادەیی دەکرێت.  لە داوای گشتیی خوێندنگە بەرزەکاندا داوا پێشکەش دەکرێت بۆ زانکۆکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان.

لە داوای گشتیی بەهاردا داوای ئەو خوێندنانە پێشکەش دەکرێن کە لە وەرزی پایزدا دەست پێ دەکەن.  داوای گشتیی ئاستی دووەم ساڵی یەك جار لە مانگی دوو ڕێك دەخرێت. فۆڕمی داوا لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی Opintopolku.fi پێشکەش دەکرێت.  لە هەمان فۆڕمدا دەتوانرێت ئەوپەڕی داوای پێنج بواری خوێندنی جیاجیا بکرێت.

لە پاش کۆتاییهاتنی ماوەی پێشکەشکردنی داوا، ئینجا دەبێت داواکار لە تاقیکردنەوەی وەرگیران یان گونجان بەشداری بکات، ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشتنی بۆ بێت.   ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە مانگی شەش دەردەچن. ئەگەر داواکار شوێنێکی خوێندنی پێ بدرێت، پێویستە لەسەری هەتاکو ئەو ڕۆژەی کە دیاری کراوە وەری بگرێت.

### داوای زیاتر و داوای بەردەوام

ئەگەر داواکار لە داوای گشتی بەهاردا شوێنی خوێندنی بۆ نەبێت، دەتوانێت جارێکی تر لە هاوین و سەرەتای پایزدا بە ڕێگای داوای زیاتر و داوای بەردەوام داوا پێشکەش بکات بۆ ئەو شوێنانەی کە بەبەتاڵی ماونەتەوە.  بۆ هەندێك بواری خوێندنی پیشەیی بنچینەیی دەتوانرێت بە درێژایی ساڵ بە ڕێگای داوای بەردەوام داوا پێشکەش بکرێت.  زانیاری سەبارەت بە شوێنە بەتاڵەکان لە خزمەتی ئینتەرنێتی Opintopolku.fi یان لە ماڵپەڕی تایبەتی خوێندنگەکاندا هەیە.

### داوا بۆ مەشقە ئامادەکاریەکان

بۆ مەشقە ئامادەکاریەکانی دوای قوتابخانەی بنەڕەتی لە هاویندا داواکردنێکی جیاواز هەیە.  ئەم داواکردنە داوای پۆلی دەیەم و مەشقی ئامادەکاری بۆ خوێندنی ئامادەیی (LUVA) هەروەها مەشقی ئامادەکاری بۆ خوێندنی پیشەیی بنچینەیی (VALMA) دەگرێتەوە.

### داوا بۆ ئەو خوێندنە پیشەییانەی کە بە ڕێگای یارمەتیی تایبەتی سەخت ڕێك دەخرێن

بۆ ئەو خوێندنە پیشەییانەی کە بە ڕێگای یارمەتیی تایبەتی سەخت ڕێك دەخرێن لە بەهاردا داواکاردنێکی تایبەت هەیە.  ئەم داواکردنە خوێندنی پیشەیی بنچینەیی بە یارمەتیی تایبەت و مەشقی ئامادەکاری بۆ خوێندنی پیشەیی بنچینەیی کە بە یارمەتیی تایبەتی سەخت ڕێك دەخرێن (VALMA) و هەروەها مەشقی ئامادەکاری بۆ کار و ژیانی سەربەخۆیی (TELMA) دەگرێتەوە.

### داوا بۆ هێڵە درێژەکانی پەیمانگە میللیەکان

شێوازەکانی داوا بۆ هێڵە درێژەکانی پەیمانگە میللیەکان جیاوازییان هەیە. ڕێنمایی داواکردن لە خزمەتی ئینتەرنێتی Opintopolku.fi یان لە ماڵپەڕی تایبەتی خوێندنگەکاندا هەیە.

### زانیاریی زیاتر

زانیاریی زیاتر سەبارەت بە خوێندنی ئاستی دووەم بە زمانی فینلەندی و ئینگلیزی لە ناونیشانی www.opintopolku.fi  هەیە و بە چەندین زمانی تری جیاوازیش لە ناونیشانی www.infofinland.fi هەیە.

## شایستەیی درێژەدان بە خوێندن

لە فینلەندا ئەو کەسەی کە ئاستی دووەمی خوێندنی تەواو کردووە دەتوانێت لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی و زانکۆکاندا درێژە بدات بە خوێندنی ئاستی بەرز.

### زانکۆی پۆلیتەکنیکی یان زانکۆ

کەسێك کە بڕوانامەی بەکالۆریای وەرگرتووە شایستەیی وەردەگرێت بۆ داوای درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی یان زانکۆ.  تەواوکردنی بەرنامەی خوێندنی ئامادەیی بەبێ بڕوانامەی بەکەلۆریا شایستەیی دەدات تەنها بۆ داوای خوێندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکیدا.

کەسیك کە بڕوانامەی پیشەیی بنچینەیی وەرگرتووە شایستەیی وەردەگرێت بۆ درێژەدان بە خوێندن لە هەر ئامۆژگایەکی پیشەیی یان زانکۆ.

هەروەها لەو کاتەشدا دەتوانرێت داوای خوێندن لە زانکۆ پۆلیتەکنیکیدا یان زانکۆ بکرێت کە جۆرە خوێندنێکی وڵاتێکی دەرەوە ئەنجام درابێت کە لەو وڵاتەدا شایستەیی بدات بۆ خوێندن لەو خوێندنە ئاست بەرزانەدا.

### زانکۆ کراوەکان

چی لە زانکۆ کراوکاندا و چی لە زانکۆ پۆلەتەکنیکە کراوەکانیشدا دەتوانرێت هەموو ئەو خوێندنانە ئەنجام بدرێن کە دەکرێت بەپێی بەرنامەی فێرکاریی خوێندنە باڵاکان ئەنجام بدرێن.   کەسێك کە دەرچووی خوێندنی ئاستی دووەمە، دەتوانێت بە چەندین ڕێگای جیاجیا داوا پێشکەش بکات بۆ چەندین زانکۆ و زانکۆی پۆلیتەکنیکی کراوە تاکو ببێتە خوێندکاری زانکۆیی لە زانکۆی یان زانکۆی پۆلیتەکنیکی کراوەدا لەسەر بنەمای ئەو خوێندنەی کە تەواوی کردووە.

## مەشقە ئامادەکاریەکان و بژاردەکانی تر

### پۆلی دەیەم

پۆلی دەیەم خوێندنێکی زیادەی قۆناخی بنەڕەتیە کە ساڵێکی خوێندن دەخایەنێت و لە کاتی ئەو خوێندنەدا بۆ نموونە دەکرێت نمرەکانی فێرکاریەکانی بنەڕەتی بەرزبکرێتەوە و هاوکاری وەربگیرێت بۆ هەڵبژاردنی درێژەی خوێندن.

### مەشقی ئامادەکاری بۆ خوێندنی پیشەیی (VALMA)

ڤاڵما  VALMA خوێندنێکی ئامادەکاریە بۆ خوێندنی پیشەیی کە یەك ساڵی خوێندن دەخایەنێت، کە ئامادەییەکان باشتر دەکات بۆ داوای وەرگیران لە خوێندنی پیشەیی و بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی پیشەیی.

### مەشقی ئامادەکاری بۆ خوێندنی ئامادەیی (دواناوەندی) (LUVA)

لوڤا  LUVA خوێندنێکی ئامادەکاریە بۆ خوێندنی ئامادەیی بۆ کۆچبەران و ئەو کەسانەی تر کە زمانی بێگانەیان هەیە، کە نزیکەی ساڵێکی خوێندن دەخایەنێت بۆ بەهێزکردنی ئامادەییە زمانەوانیەکان و ئەو شتانەی تر کە لە خوێندنی ئامادەییدا پێویست دەبن.

### هێڵە درێژەکانی خوێندن لە ئامۆژگا میللیەکاندا

هێڵە درێژەکانی خوێندنی ئامۆژگا میللیەکان بریتین لەو مەشق و خوێندنانەی کە نزیکەی ساڵێك دەخایەنن لە بواری ڕۆشنبیریی گشتی و پیشەییدا، یان ئەو مەشق و خوێندنانەی کە بۆ کۆچبەران ڕێك دەخرێن.

### مەشقی ئامادەکاری بۆ کار و ژیانی سەربەخۆیی (TELMA)

تێلما TELMA مەشقێکی ئامادەکاریە بۆ کار و ژیانی سەربەخۆیی ئەو گەنجانەی کە پێویستییان بە یارمەتیی تایبەت هەیە.  مەشقی تێلما TELMA ئەوپەڕی سێ ساڵ دەخایەنێت.

## لە دوای قوتابخانەی بنەڕەتی

لە فینلەندا خوێندنەکانی ئاستی دووەم کە لە دوای قوتابخانەی بنەڕەتی دێن بریتین لە خوێندنی قۆناخی ئامادەیی (دواناوەندی) و خوێندنی پیشەیی.

### ئامادەیی و تاقیکردنەوەی بەکالۆریا

ئامادەیی خوێندنێکی ڕۆشنبیریی گشتیە، کە بناغەیەکی باش دەدات بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆ یان لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی.  کەسیك کە خوێندنەکانی ئامادەیی تەواو دەکات بڕوانامەی دەرچوون وەردەگرێت. لە کۆتایی ئامادەییدا دەکرێت بەشداری بکرێت لە تاقیکردنەوەکانی بەشداریکردن و پاشان بڕوانامەی بەکەلۆریا بەدەست بهێنرێت.

### خوێندنی پیشەیی بنچینەیی

لە دوای قوتابخانەی بنەڕەتی دەتوانرێت داوا پێشکەش بکرێت بۆ خوێندنگەی پیشەیی و خوێندنی پیشەیی بنچینەیی تەواو بکرێت.  کەسێك کە خوێندنی پیشەیی بنچینەیی تەواو دەکات ئامادەییە بنچینەییەکانی دەبێت بۆ کارەکانی ئەو بوارەی کە خوێندوویەتی لەگەڵ ئەو بەهرە پیشەییانەی کە لە ژیانی کارکردندا پێویست دەبن.

### دوو بڕوانامەیی و سێ بڕوانامەیی

لە ئاستی دووەمدا دەرفەتی ئەوەش هەیە کە دوو بڕوانامە بەدەست بهێنیت، واتە بڕوانامەی بەکەلۆریا و بڕوانامەی پیشەیی بنچینەیی لە هەمان کاتدا.  لە سێ بڕوانامەییدا بێجگە لە بڕوانامەی بەکەلۆریا و بڕوانامەی پیشەیی بنچینەیی دەکرێت بەرنامەی تەواوی ئامادەییش بخوێندرێت.

### بەڵێننامەی فێرکردن

لە بەڵێننامەی فێرکردندا زۆربەی ئەو خوێندنانەی کە تایبەتن بە خوێندنی پیشەیی بنچینەیی لە شوێنی کاردا بەشێوازی کردەوەیی جێبەجێ دەکرێن. بێجگە لەوەش لە خوێندنگەیەکی پیشەییدا هەندێك وانەی تیۆریش دەخوێنرێن.